
# رەفز

ئایا خۆشەویستی رەتئەکرێتەوە؟ ئایا رەتکردنەوەی خۆشەویستی لە دنیای ئێمەدا، بەمانای گەڕاندنەوەی حورمەتە بۆ خۆشەویستی؟، یا لەسەر بنەمای ڕقو شکاندنی ئەویتر دروست بووە؟ بۆچی ئەبێ ئێمە لە خۆشەویستی ڕابکەینو خۆمانی لێبشارینەوە( بەچاو پۆشین لە گیرۆدەیی و ڕاڕایی و نائومێدیەکانی خۆشەویستی )، ڕەفز لە ناو هەموو میللەتانی دونیا دیاردەیەکی ڕۆژانەیە، لە هەر شوێنێکدا خۆشەویستی هەبێ، نائومێدی هەیە، دڵتەنگی هەیە، رەفز هەیە، بەڵام ئایا رەتکردنەوەی خۆشەویستی لە ناو گەنجانی ئێمەدا، تایپێکی تەندروستی وەرگرتوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئاسان نیە، بۆ وەڵام دانەوەی پێویستیمان بەوەیە، بەسەر لەبەری ئەدگارەکانی کۆمەڵگادا بچینەوە، بونیادە مەعریفیو کۆمەڵایەتیەکانی بەسەر بکەینەوە. بەچاو خشاندنێکی خێرا بەهەندێك لەپەیوەندیەکانی خۆمان، بەچەند ڕۆژێك ژیان لە ناو زانکۆو پەیمانگاکانی کوردستان (بیر مان نەچێ لەوناوەندانەدا زۆرترین ڕێژەی ڕەفز هەیە)بۆمان دەر ئەکەوێ، کە وەڵامی ئەم پرسیارە نێگەتیڤە. هەرگیز ناتوانین بڕوا بەوە بهێنین کە چەندە عەشقی نامورادو دڵی شکاو هەیە، زۆربەی خۆشەویستیەکانی ئێمە لە بێدەنگیدا لە دایك ئەبنو لە بێدەنگیشدا ئەمرن، ئەوەی خۆشەویستی لە کۆمەڵگای ئێمە دروست ئەکاتو ئەوەشی بەرەو پوکانەوەی ئەبات بێدەنگییە. ڕەفز یا ڕەتکردنەوەی خۆشەویستی نێوان کچو کوڕ لەکۆمەڵگای ئێمەدا، هێندەی بۆ شکاندنی ئەویترو نەریتێکی کۆمەڵایەتیە (کەنابێ یەکەمجار ڕازیبێ) بەتایبەت بۆ کچان، هێندە ڕێز گرتن نیە لە بەها ئەخلاقیەکان. کەم کچ هەیە لە دونیای ئێمەدا، بەیەکەم پێشکەشکردنی خۆشەویستی ڕازی ببێ، ڕەتکردنەوە بووە بە جۆرێك لە ویقارو دروستکردنی کەسایەتی. هەتا ژمارەی ڕەفزەکانت زیاتر بێت دیارتریت ..جوانتریت.. داواکاریت لە سەر زیاترە.قسەکردن لە سەر دەروونی ئەوکەسەی ڕەفز وەرئەگرێ قسەی زۆر هەڵئەگرێ، من پێم وایە هەموو قسەکردنێك لەسەر ڕەفز، بەبێ لە بەرچاوگرتنی دەروونی کەسەکان قسەیەکی ناتەواوە، کەبەداخەوە لێرەدا ناتوانم زۆری لەسەر بڵێم، بەڵام هێندە هەیە کە لەڕووی دەروونیەوە چ ئەوەی ڕەفز ئەداتو چ ئەوەی وەریئەگرێ، تاڕادەیەکی زۆر لە یەك ئەچن، بەقەد یەك نائومێدیو دڵتەنگیو جۆرێك لە شڵەژانو نائارامی تیایاندا سەر هەڵئەدات، لەڕاستیدا تاکی کوردی بەرگەی ڕەفز ناگرێ، ئەودەمەی کوڕێك ڕەفز وەر ئەگرێ، ئایندەشی لە گەڵدا ئەڕوخێ، دوورنیە کاریگەری لە سەر چواردەورو خێزانەکەیشی هەبێت، تووشی خەمۆکیو کەمدوییو گرێی خۆ بەکەم زانینی تیا دەرئەکەوێ، کە ڕەنگە بەو شکڵە لە گەنجێکی خۆر ئاواییدا دەرنەکەوێ.



كارۆخ فەهمی

لە دونیای ئێمەدا، زۆرێك لە کچان ڕەتکردنەوەی خۆشەویستی وەك جۆرێك لە (بڕیارێکی پێشوەخت) ئەبینن، واتە زۆرجار کچانی ئێمە قایلن بەپەیوەندیەکە، زۆرێك لە ئەدگارو خۆڕەوشتی کەسی بەرامبەریان بەدڵە، بەڵام بووە بە مۆدێلو ئەبێ یەکەم جار ڕەتبکرێتەوە، چونکە دڵنیایە چەندین جاری تریش کوڕە داواکەی دوبارە ئەکاتەوە، ڕازی بوونی یەکەم جار بەو مانایە دێت کە یا ئەو کەسە پایەیەکی کۆمەڵایەتی نزمی هەیە، یا بەستنی ئەمجۆرە پەیوەندیە لەلای ئەو ئاسانە. کە ئەمەش تێڕوانینی خەڵك بۆ کچەکە ئەگۆڕێت. گەر یەکەمجار داواکەی پەسەند بکات، کوڕەکەش ئەکەوێتە گومان بەجۆرێکیتر لە پەیوەندیەکەو کچەکەش ئەڕوانێت. بۆیە ڕەتکردنەوەی خۆشەویستی لەدونیای ئێمەدا هێندەی بەرگریکردنە، لە خودو دووپاتکردنەوەی (پاکی )یە، هێندە نیشاندانی خۆ بە دوورگرتنو ناڕازی بوون نیە، لە پەیوەندیەکە.

ڕەفز بەمانای (خۆبەدەستەوەنەدان)دێت، نەك قایل نەبوون، من زۆر لە پەیوەندی نێوان کچو کوڕانی خۆمان هێندەی وێنەی نێوان کڕیارو فرۆشیارم دێنێتە بەرچاو، هێندە سکێچی پەیوەندیەکی ئینسانیم بۆ ناکێشرێ، کە ئەشێ ئایندەیەکی قەشەنگ لەسەر بنەمای ڕێزو یەکتر قبوڵ کردن بینابکرێت.

دواجار ڕەفز لە کۆمەڵگای ئێمەدا، دەرهاویشتەی عەقلیەتێکە، کە پایەکانی لەناو ڕقو خۆبەزلزانینو تێنەگەیشتن لە خۆشەویستی نوقم بووە.